https://www.doi.org/10.31918/twejer.2252.3

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# گۆڕین و دیاردە مۆرفۆلۆژی و واتاییەکان لە زمانی کوردیدا

پ. ی. د. شیروان حوسێن حمد
زانکۆی ڕاپەڕین- کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت
Sherwan983@uor.edu.krd

م. چیا طاهر خالد
پەروەردەی سۆران
chiyatahr٤@gmail.com

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (گۆڕین و دیاردە مۆڕفۆلۆژی و واتاییەکان لە زمانی کوردیدا)یە، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی پەیوەندیی نێوان پڕۆسەی "گۆڕین" لەگەڵ هەر یەک لە دیاردە مۆڕفۆلۆژییەکان و دیاردە واتاییەکان، هەوڵدراوە گۆڕین وەکو چەمک و زاراوە بناسرێنرێت و پەنجە بخرێتە سەر هۆکارەکانی گۆڕین، توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات، کە گۆڕین وەکو پڕۆسەیەکی وشەڕۆنان پەیوەندی بە هەندێ دیاردەی تری مۆڕفۆلۆژی هەیە، جیا لەمەش گۆڕین پەیوەندی بە دیاردە واتاییەکانەوە هەیە، پەیوەندییەکان شیکراونەتەوە ئاستی ئەو پەیوەندییانەش خراوەنەتەڕوو.

وشە کلیلییەکان: پڕۆسەی گۆڕین، دیاردە مۆڕفۆلۆژییەکان، دیاردە واتاییەکان، هۆکارەکانی گۆڕین.

## گۆڕین و دیاردە مۆڕفۆلۆژی و واتاییەکان لە زمانی کوردیدا

### پێشەکی

گۆڕین وەکو پڕۆسەیەکی وشەڕۆنان کار لە سەر دروستکردنی وشەی نوێ دەکات بەبێ ئەوەی هیچ زیادکراوێک بۆ وشە زیادبکرێت، زمانەوانانی کورد لە باسکردنی ئەم دیاردەیە تێڕوانینی جیاوازیان هەیە، بە جۆرێک هەندێک لە زمانەوانەکان وەکو پڕۆسەیەکی وشەڕۆنان ناساندوویانە. تا ئێستا توێژینەوەیەکی تێر و تەسەل لەبارەی پڕۆسەی گۆڕین لە زمانی کوردیدا، وەکو پڕۆسەیەکی وشەڕۆنان نەکراوە، ئەوەی هەیە و باسکراوە، تەنها لە چوارچێوەی بابەتێکی کورت باسکراوە، ئەمەش هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکەیە. ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ ناساندنی چەمک و زاراوەی گۆڕین و پەیوەندی بە دیاردەی مۆڕفۆلۆژی و دیاردە واتاییەکانەوە، کە تێدا زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە ئایا گۆڕین وەکو پڕۆسەیەکی وشەڕۆنان پەیوەندی چییە لەگەڵ دیاردەکانی تری مۆڕفۆلۆژی، هەوڵدراوە لە چوارچێوەی بابەتەکە ئەم پەیوەندییە شیبکرێتەوە، هەروەها پەیوەندیی گۆڕین وەکو پڕۆسەیەکی وشەڕۆنان لەگەڵ دیاردە واتاییەکانەوە پیشاندراوە و ڕوونکراوەتەوە.

توێژینەوەکە دەچێتە بواری وشەسازی و لە ناویشیدا، دەچێتە خانەی لقەپۆلی وشەڕۆنان word formation، تەنها لە یەکێک لە پڕۆسەکانی وشەسازی دەکۆڵێتەوە، کە ئەویش پڕۆسەی گۆڕین conversion ە، پەیوەندیی بە دیاردە مۆڕفۆلۆژییەکان و دیاردە واتاییەکانەوە خراوەتەڕوو، کەرەستەی شیکردنەوەکانی لە زمانی کوردی، دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست وەرگرتووە. ئەم توێژینەوەیە پشت بەستە بە ڕێبازی وەسفی-شیکاری، توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات، کە ئایا پڕۆسەی گۆڕین ڕۆڵی هەیە لە داڕشتن و سازکردنی وشەی نوێ لە زمانی کوردیدا؟ چونکە بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە لەبەردەستدان، ئەم پڕۆسەیە،

گشتییە و دەچێتە خانەی دیاردە هاوبەشەکانی زمانە جیاجیاکان. هەروەها دەمانەوێت بزانین ئاخۆ پەیوەندی لەگەڵ کام دیاردەی مۆفۆلۆژی و واتاییەکاندا هەیە. توێژینەوەکە پێکهاتووە لە دوو بەش:

بەشی یەکەم: بۆ چەمک و زاراوەی گۆڕین تەرخانکراوە، جگە لەمەش هەر یەک لە هۆکارەکانی گۆڕین و کاریگەرییەکانی گۆڕین و ڕۆڵی دەوروبەر لە پرۆسەی گۆڕیندا لەگەڵ پێداچوونەوەی کارەکانی پێشتر لە هەمبەر گۆڕین لە زمانی کوردیدا خراوەتەڕوو. بەشی دووەم: تەرخانکراوە بۆ پەیوەندیی گۆڕین و دیاردە مۆرفۆلۆژییەکان و گۆڕین و داڕشتنی سفر و گۆڕین و فرەئەرکی و وشەداهێنان و گۆڕین، جگە لەمانەش پەیوەندیی گۆڕین و دیاردە واتاییەکان، گۆڕین و فراوانبوونی واتایی و گۆڕین و هاوبێژی خراوەنەتەڕوو.

## ١-بەشی یەکەم

### ١-١ چەمک و زاراوەی گۆڕین

لە زمانی کوردیدا، بۆ ئەم دیاردەیە "شیروان حوسێن" زاراوەی "گۆڕین"ی بەکارهێناوە، بەڵام هەر یەک لە "محەمەدی مەحویی" و "حاتم ولیا" زاراوەی "وەرچەرخان" یان بەکارهێناوە، "سەعید کەرەمی" زاراوەی "ڕاگوێزان"ی بەکارهێناوە[١]، جیاوازی لە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەر زمانەوانێک خاوەن تێڕوانین و زاراوەی خۆیەتی و لە سەر زاراوەیەک ڕێکنەکەوتوون. لەم توێژینەوەیەدا زاراوەی گۆڕین هەڵدەبژێرین، چونکە گۆڕین بۆ شتێک بەکاردێت، کە شتەکە بوونی هەبێت، بەڵام دەیگۆڕین بۆ شتێکی تر، لە زمانی ئینگلیزیدا لە بەرانبەر گۆڕین conversion بەکارهێنراوە، وەکو پرۆسەیەکی دروستکردنی وشە ناسێنراوە بە بێ هیچ زیادکردنێک بۆ نموونە:

A-to bottle the water.
B-to water a hammer.

لە ڕستەی"A"وشەی{water} بە واتای ئاو بەکارهێنراوە، کە بەشەئاخاوتنی ناوە بەبێ هیچ زیادکردنێک، بەڵام لە ڕستەی"B"وشەی {water} بە واتای کردار فرمان بەکارهێنراوە، ئەمە پۆلگۆڕینی ناوە بۆ کردار، جگە لەمەش پۆلگۆڕینی کردار بۆ ناویش هەیە بۆ نموونە:

A-a call to guess.
V
B-a guess to spy.
N

زمانی ئینگلیزی لە ڕووی پۆلی بەشەکانی ئاخاوتنەوە جیاوازی هەیە، لەگەڵ زمانی کوردی بۆیە دەشێ جیاوازی هەبێت لە نێوان ژمارەی ئەو گرووپانەی، کە پۆلی خۆیان لە بەشەئاخاوتنێکەوە بۆ بەشەئاخاوتنێکی تر دەگۆڕن، لێرەدا ئێمە نامانەوێت وەکو جیاوازییەک پۆلگۆڕین، یان پرۆسەی گۆڕین لە زمانی ئینگلیزی بخەینەڕوو و بەراوردی پێبکەین لەگەڵ زمانی کوردی، بەڵکو تەنها بۆ بەرچاوڕوونییە، ئاخۆ ئەم پرۆسەیە هەیە لە زمانی ئینگلیزی و ئەو زمانانەی، کە باسمان کردوون، یان نییە. (Kim, Ga hyun: 2010: 1)[٢].

پرۆسەی گۆڕین لە زمانی عەرەبیدا کاری لەسەر کراوە، بەڵام بە شێوەیەکی فراوان و تێر و تەسەل کاری لەسەر نەکراوە لە بەرانبەر گۆڕین "تبدیل" بۆ ئەم پرۆسەیە بەکارهاتووە وشەکان توانای پۆلگۆڕینیان هەیە، بە نموونە هەندێک ناو لە زمانی عەرەبیدا پۆلی خۆیان دەگۆڕن بۆ ئاوەڵناو وەک:

أ-جاءت الحسناء الى البيت.

ب-رأيت أمرأة حسناء.

له ڕستەی "أ" حسناء ناوی کەسێکە، بەڵام لە ڕستەی "ب" حسناء ئاوەڵناوە بە واتای جوان بەکارهاتووە. (ألزمخشری جارالله: ٢٥١: ١٩٩٣)، دەشێ لە زمانی عەرەبیدا لە نێو بەشەکانی ئاخاوتندا ئەم پۆلگۆڕینە ڕووبدات بە شێوەیەکی گشتی جگە لەم پۆلگۆڕینە لە زمانی عەرەبیدا ئاوەڵناو دەتوانێت پۆلی خۆی بۆ ئاوەڵکردار بگۆڕێت، بۆ نموونە:

أ-قال قولا حسنا. واتا: قسەیەکی جوانی کرد

ب-جلس جلوسا حسنا. واتا: زۆر جوان دانیشت

"حسنا" لە ڕستەی "أ" لە گرووپی ئاوەڵناوە بە واتای جوان دێت، بەڵام "حسنا" لە ڕستەی "ب" لە گرووپی ئاوەڵکردارە، ئەم پۆلگۆڕینە بەبێ هیچ زیادکردنێک بۆ وشە ڕوویداوە. (أبو الحسن المعروف بابن عصفور: ٦٩: ١٩٩٦)

لە زمانی فارسیدا کار لەسەر پرۆسەی گۆڕین کراوە لە بەرانبەر زاراوەی گۆڕین "تبدیل" بەکارهێنراوە، چەندین گرووپ دەستنیشانکراون کارایی ئەم گرووپانە تاڕادەیەکی بەرچاو لە زمانی فارسی هەیە[٣]، بۆ نموونە گرووپی ئاوەڵناو بۆ ناو:

أ-عاقل تر از او کس نیست.

ب-عاقلان (ادم های عاقل داند)

{عاقل} بە واتای {ژیر} دێت لە بنەڕەتدا ئاوەڵناوە، کەوایە خۆی دەتوانێت لە ڕستەدا وەکو ئاوەڵناو بەکاربێت، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە

توانای گۆڕینی پۆلی خۆی هەیە بۆ ناو، بەبێ زیادکدنی هیچ گیرەکێک بۆی، ئەگەر سەیربکەین لە ڕستەی "ب" وەکو ناو بەکارهاتووە. (علاءالدين طباطبائی: ٣٥: ١٣٨٥).

پرۆسەی گۆڕین هەڵگری چەمکی گۆڕانی وشەیە، بەبێ گۆڕان لە فۆرمی وشە، بە واتایەکی تر گۆڕین پرۆسەیەکی وشەسازییە ئەم پرۆسە وشەسازییە، گۆڕان لە واتای وشەکە دروستدەکات بەبێ زیادکرنی پێشگر یان پاشگر (ارمان ذاكر: ١٠: ١٣٩٢)، کەواتە دەکرێ بڵێین (پرۆسەی گۆڕین بەبێ هیچ زیادکردنێک، یان کەمکردنێک وشەکە گۆڕانی بەسەردادێت و وشەیەکی نوێ دروست دەبێت) (ویدا شقاقی: ١٠٣: ١٣٨٦)، لە پرۆسەی گۆڕیندا پۆل و کەتیگۆری وشە دەگۆڕێت بەبێ هیچ زیادکردنێک، یان لابردنێ لە ڕۆنانی وشەکەدا، وشەیەکی نوێ دروستدەبێت، بۆیە گۆڕین لە بنەڕەتدا گۆڕانی ئەرکی وشەیە. (فائزه اركان، همينه حيدر پور: ١١٨: ١٣٨٢)، پرۆسەی گۆڕین، ئەگەرچی بە جۆرێک بریتیبێت لە دووبارەکردنەوەی لیستی وشەکان، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت، کە جۆرێکە لە داهێنانی وشەی نوێ، چونکە گۆڕانی وشەیەکە لە پۆلێک بۆ پۆلێکی تر بە نموونە کردار دەتوانێ پۆلی خۆی بگۆڕێت بۆ ناو یان ناو بۆ ئاوەڵناو یان ئاوەڵناو بۆ ئاوەڵکردار، گۆڕین لە بنەڕەتدا پرۆسەیەکی ڕێزمانییە. (Jan Don: 2005: 3-4)، (پۆلگۆڕینی وشە وەکو گرنگترین تایبەتمەندی پرۆسەی گۆڕین دەستنیشانکراوە). (Laurie.B,Salvador.V: 2005: 72)، ئەم دیاردەیە، بە داڕشتنی سفر (Zero derivation) دەناسرێنرێت، فۆرمی وشە تووشی هیچ گۆڕانێک بە پێشگرێک یان پاشگرێک نابێت، تەنها دەوری ڕێزمانیی وشەکە گۆڕانی بەسەردادێت. (ڕەحیمی: ٣٢: ١٣٨٨)، هەندێک لە زانایانی مۆرفۆلۆژی لەو باوەڕەدان، کە پرۆسەی گۆڕین زۆر لە لابردنی گیرەکی Affixation دەچێت بە جۆرێک، کە هیچ نیشانەیەکی فۆرمی بۆ ئەم گیرەکە نییە، وەک ئەوە وایە، کە ئەم گیرەکە سفر بێت لە بەرهەمان

هۆ ئەم دیاردەیە بە پرۆسەی "دارِشتنی سفرِ"، یان لابردنی گیرەکی Zero Affixationشی پێدەگوترێت، بەڵام هەندێک لە زمانەوانان ئەم دوو دیاردەیە جیادەکەنەوە بە تایبەت پێیانوایە، کە هەر دارِشتنێکی سفرِ جۆرێکە لە پۆلگۆرِین، بەڵام هەر پۆلگۆرِینێک نابێتە دارِشتنی سفرِ. (فائزه ارکان، همینه حیدر پور: ١١٩: ١٣٨٢)

لە زمانی کوردیدا پرۆسەی گۆرِین کاری لەسەر کراوە، بەڵام نەتوانراوە، تا ئێستا بە تەواوی بخرێتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەیەکی تێر و تەسەل، دەکرێت گۆرِین لە زمانی کوردیدا لەگەڵ زمانی ئینگلیزی و عەرەبی جیاواز بێت، بەڵام دەشێ هاوبەشییەکی زۆری هەبێت لەگەڵ زمانی فارسی. پۆلگۆرِین دەکرێت بە چەند گرووپێک لە بەشەکانی ئاخاوتن، کە توانای ئەوەیان هەیە پۆلی خۆیان بگۆرِن بۆ نموونە {خراپ} ئاوەڵناوە دەتوانێت وەکو ئاوەڵکردار بەکاربێت، وەک:

أ-کاری <u>خراپ</u> ئەنجام مەدە.

ئاوەڵناو

ب-منداڵەکە <u>خراپ</u> کەوت.

ئاوەڵکردار

کەوایە، ئەوەمان بۆ رِوونبووەوە لە زمانی کوردیدا، گۆرِینی گرووپی ئاوەڵناو بۆ ئاوەڵکردار هەیە، جگە لەمەش چەندین گرووپی تر هەن لە بەشەکانی ئاخاوتن، کە پۆلگۆرِن بۆ بەشەکانی تری ئاخاوتن.

### ٢-١ هۆکارەکانی گۆرِین Reasons of Conversion

کاتێک باس لە دیاردەی گۆرِین دەکەین، پێویستە لە جەوهەری هۆکارەکانی گۆرِین تێبگەین، چونکە هەر دیاردەیەک یان هەر بابەتێک کە

باس بکرێت و قسەی لەسەر بکرێت، بێگومان هۆکاری خۆی هەیە، قسەپێکەرانی زمانەکە لەخۆوە نییە، کە پەنا بۆ ئەم دیاردەیە دەبەن بۆیە، دەبێت ئاشنای ئەوە بین، ئایا گۆڕین بۆ ڕوودەدات؟ ئایا پێویستیی زمان وای کردووە پۆلگۆڕین ڕووبدات؟ یان هۆکاری تر هەیە، کەوا دەکات وشەیەک بە چەند پۆلێکی جیاواز و بە هەمان فۆڕم و واتا بەکاربهێنین، ئێمە لە ئەنجامی بەدواداچوونەکانمان گرنگترین هۆکارەکان لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینینەوە:

## ١-٢-١ ئابووریکردن Economy

بۆ تێگەیشتن لە چەمکی ئابووریکردن "ئیکۆنۆمی" پێویستە لە تێگەیشتنی ئابووریناسانەوە چەمکەکە بناسێنین، لە ڕوانگەی ئابووریناسانەوە مرۆڤ بۆیە پەنادەباتە بەر ئابووریکردن لە ژیاندا، تاوەکو بتوانێ ژیان و گوزەرانی خۆی باشتر بکات و دەستکەوت و دەرامەتی پێ زیادبکات، دەتوانین بڵێین ئیکۆنۆمی کردن کەمکردنەوەی بەخشینە، ئینجا ئەو بەخشینە مادی بێت یان مەعنەوی. (دەرون عبدالرحمان: ٢٠: ٢٠١٢)، کەواتە (چەمکی ئابووری بە بنەمای کەمترین هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین ئەنجام ناودەبرێت). ( Alessandra Vicntini: 2003: 38)، کەوایە لە چوارچێوەی ژیان و لایەنەکانی پەیوەست بە ژیانی مرۆڤە ئابووریکردن گرنگە، پێویستە لەوە تێبگەین ئاخۆ ئابووریکردن چ پەیوەندییەکی بە زمانەوە هەیە؟ یان لە ڕوانگەی زمانەوانانەوە ئیکۆنۆمیکردن لە زماندا چۆن سەیردەکرێت.

بێگومان لە سەردەمی ئێستا تێکئاڵانی زۆربەی بابەت و لایەنەکانی پەیوەست بە ژیانی مرۆڤایەتی لە ئارادایە، هەر بۆیە ئیکۆنۆمیکردن لە زماندا لە لایەن زمانەوانانەوە گرنگیپێدراوە و هەوڵدەدرێت لە ڕوانگەی زمانەوانانەوە باس لە ئیکۆنۆمیکردن بکرێت و شیبکرێتەوە، زمانەوان "أدور یوحنا" پێیوایە (ئیکۆنۆمیکردن لە زماندا سەرفکردنی کەمترین وزەیە

به کەمترین کات و ڕوونترین ڕێگا) (دەروون عبدالرحمان: ٢١: ٢٠١٢). "د. فاخرهاشم الیاسري" لە ناساندنی ئیکۆنۆمیی زماندا دەڵێت: (بنەمایە بۆ دەربڕین لە مەبەست یان واتا بە کەمترین وزە لە دەربڕیندا، یان کورتترین شێواز و ڕێگا بۆ دەربڕین). (هەمان سەرچاوە: ٢٢)، ئەوەی تێبینی دەکرێت و لە پێناسەکردنی ئیکۆنۆمی زماندا مەبەستدارە کەم وزە سەرفکردنە لە دەربڕیندا، هەر ئەوەی تێبینی دەکرێت لە کورتکردنەوەی ناوی وڵاتان بەرچاوترین نموونەیە بۆ نموونە ... USA , UAE , UK هەر کەسێک چاوی بەم هێمایانە بکەوێت لە نووسیندا دەزانێ مەبەستی ناوی وڵاتانە کەوایە هەم لە نووسیندا هەم لە دەربڕیندا ئیکۆنۆمیی زمان بەرەو هەڵکشانە، بەڵام زیاتر ئەم دیاردەیە لە دەربڕیندا هەستی پێدەکرێت و مەجالی فراوانتری هەیە.

بنەمایەکی تری ئابووریکردن لە زماندا بەستراوەتە بە پێویستنەبوونی دوو وشەی وەکو یەک (هاوواتا)، چونکە یەک وشەی پڕ واتا و مەبەستدار کافییە، ئابووریکردن ڕێگە بە وشەی دووبارە نادات لە سەر هەمان واتا و مەبەستدا. (ارمان ذاکر: ١٤١: ١٣٩٢)، ئابووریکردنی زمانی هەوڵدەدات بە کەرەستەیەکی زمانی چەند ئەرکێک ڕابپەڕێنێت، بۆیە کاتێک فۆڕمێکی زمانی زیاتر لە واتایەکی لێباردەکرێت ئەمە دەبێتە ئابووریکردن، یان کاتێک یەک فۆڕمی زمانی بە هەمان واتا دەخرێتە پۆلی جیاوازەوە، لە پۆلی جیاجیادا بەکاردێت؛ ئەوا دەبێتە ئابووریکردن، چونکە ئێمە لەو کاتەدا لە ڕێگەی تەنها وشەیەکەوە، کە پۆلی ناوە پەنای بۆ دەبەین و لە پۆلێکی تردا بەکاریدەهێنین لەبری ئەوەی لە هەر پۆلێک پەنا بۆ وشەیەکی جیاواز ببەین، بۆیە بەمە دەگوترێت ئابووریکردن، لە هەمان کاتیشدا گۆڕینە، کەواتە یەکێک لە هۆکارەکانی گۆڕین کەم بەکارهێنانی فۆڕمی جیاوازە.

### ١-٢-٢ پێویستیی زمان Language Necessity

زمان پێویستییەکی گرنگە بۆ مرۆڤ لە ژیاندا، ئەوەی وای کردووە، کە جیاوازی لە نێوان مرۆڤ و گیانەوەرانی تردا هەبێت بوونی زمانە، کەواتە زمان هۆکارێکە بۆ تێگەیشتنی مرۆڤەکان لە یەکتری، بێگومان لەو کاتەی منداڵ لەدایکدەبێت بە درێژایی تەمەنی فێری چەندەها وشە دەبێت بۆ ئەوەی بەکاریانبێنێت و لە ژیانی ڕۆژانەدا سوودیان لێ وەرگرێت. ئەوەی جێگەی سەرەنجە ئەوەیە دەبێ لەوە تێبگەین، ئایا پێویستیی زمان هۆکارێکە بۆ پۆلگۆڕینی وشەکان، یان خواستی بەکارهێنەری زمانە؟

گومان لەوەدا نییە جیاوازی لە نێوان زمانەکانی جیهاندا هەیە، هەر زمانێ کۆمەڵێک ڕێسا و یاسای تایبەت بەخۆی هەیە کەرەستە پێکهێنەرەکانی وشە و ڕستەشیان لەیەکتری جیاوازە، ڕەنگە لە زمانی ئینگلیزیدا پۆلگۆڕینی ناو بۆ ئاوەڵناو بە بەراورد بە ناو بۆ کردار زیاتر بێت، یان بە پێچەوانەوە دەکرێ ئەمە بۆ پێویستیی بەکارهێنەرانی زمانی ئینگلیزی بگەڕێتەوە. بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە و گەیشتنە وەڵامێکی تێر و تەسەل باس لە پۆلگۆڕینی زمانی کوردی دەکەین. زمانی کوردی وەکو باقی زمانەکانی تر چەند بەشەئاخاوتنێکی هەیە، هەر یەک لەم بەشە ئاخاوتنانە خواستی پۆلگۆڕینیان تێدا دەبینرێت بۆ نموونە ژمارەیەکی بەرچاو لە ئاوەڵناوەکان پۆلگۆڕن بۆ ناو و ئاوەڵکار، بە واتایەکی تر خواستی بەشەکانی ئاخاوتن هەیە بۆ پۆلگۆڕین، کورد زمانێک دەتوانێ لە سێ ڕستەی جیاواز وشەی {جوان} بەکاربهێنێت و لە هەرسێ ڕستەشدا پۆلی وشەکە جیاواز بێت. دەشێ ئەمە بۆ پێویستیی بەکارهێنەری زمانی کوردی بگەڕێتەوە کە سوود لە وشەکانی بەشەئاخاوتنێک وەربگرێت بۆ بەشەئاخاوتنێکی تر بەکاریبهێنێت.

کەواتە زۆرجار پێویستیی خودی وادەکات، کە وشەیەک لە بوار و شوێنی جیاواز بەکاربهێنین بە جۆرێک کاتێک ئاخێوەری زمان ناتوانێت

بەو ژمارە وشانەی، کە لەبەردەستیدا هەن پێداویستییەکانی خۆی پڕبکاتەوە، ناچارە کەرەستەکانی تر بەکاربهێنێتەوە، ئەمەش هەندێ جار بە گۆڕین و هەندێ جاریش بەبێ گۆڕین. بۆیە هۆکارێک لە هۆکارەکانی پەنابردنە بەر پۆلگۆڕین پێداویستیی زمان خۆیەتی.

### ١-٢-٣ جوانکاریی زمانی

یەکێک لە جوانکارییەکانی زمان لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی هەمان فۆڕمە بە واتای جیاوازەوە، کە ئەمەش لە ڕەوانبێژیدا پێی دەوترێت ڕەگەزدۆزی لە نێو شیعردا بە تایبەت ئەو کاتەی، کە دەبێتە هۆی ئەوەی هونەری دووبارەکردنەوە دروستبێت و ئەم دووبارەکردنەوەیەش لە ئاستی فۆڕمی وشەدا دەبێت. هەر دووبارەکردنەوەیەکی وشەش لە نێو شیعردا دەبێت بە مانای جیاواز بەکاربێت، ئەو کاتە هونەری ڕەگەزدۆزی دروستدەبێت، ئەم دیاردەیە لە شیعردا، دیاردەیەکی زۆر بەرچاوە شاعیران بۆ جوانکاریی وشەیی و مانایی لە شیعرەکایاندا بەکاریانهێناوە. بۆ نموونە لە دێرە هۆنراوەی:

١- کاوە کە هەڵی کرد ئاڵا

گەل لە قەڵای زوردار ئاڵا "کامەران موکری" (عەبدوڵڵا شاڵی و ئەوانی تر : ٢١: ٢٠٢١)

لەم دێرە هۆنراوەیەدا شاعیر سوودی لە هونەری ڕەوانبێژی "ڕەگەزدۆزی" وەرگرتووە و بەکاریهێناوە، ئەگەر سەیری وشەی {ئاڵا} بکەین لە هەر دوو دێرە هۆنراوەدا لە ڕووی فۆڕمەوە وەکو یەکن، بەڵام لە ڕووی ماناوە جیاوازن. لە نیوە دێری یەکەمدا {ئاڵا} بەرانبەر بە وشەی {علم}ی عەرەبی بەکاردێت و ماناکەیەتی، بەڵام لە نیوە دێری دووەمدا

{ئالا} به واتای ئەوە دێت، کە کەسێک یان شتێک لە شتێکی تر بئالێت، لە هەریەکەیاندا سەر بە پۆلێکی جیاوازی وشەیە.

لێرەدا چۆن شاعیران سوودیان لە بەکارهێنانی وشە بینیوە، کە لە دەربڕینی جیاجیادا دەری دەبڕن و لە شیعرەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە، ئەمەش بۆ مەبەستی جوانکاری و بە بەهاکردنی شیعر بەکاریدەهێنن، لە بواری زمانەوانیدا ئەم شێوە بەکارهێنانە نییە، بە واتایەکی تر لە ڕووی زمانەوانییەوە لە ئاستی واتاسازیدا لە دیاردەی هاوبێژی ئەم دیاردەیە دەبینرێت، کە هاوبێژی تەواوی پێدەوترێت لە هەموو زمانێکیشدا ئەم جۆرە وشانە هەن، کە لە فۆڕمدا وەکو یەکبن، بەڵام لە واتادا جیاوازبن. کەواتە دەکرێت لە بواری شیعر و ئەدەبیاتدا سوود لە دیاردەی گۆڕین Conversion وەربگیرێت بە مەبەستی جوانکاریی زمانی، چونکە ئەو وشانەی، کە خاوەنی یەک فۆڕمن، بەڵام لە واتادا جیاوازن، دەشێ هەر یەکەیان سەر بە پۆلێکی بەشەئاخاوتن بن.

## ١-٣ کاریگەرییەکانی پرۆسەی گۆڕین لە زماندا

هەر پرۆسەیەکی زمانی کە گۆڕانێکی تێدا ڕوودەدات دەکرێ ئەم پرۆسەیە دوولایەن بێت، یان دەکرێ یەک لایەن بێت. بە واتایەکی تر دەشێ پرۆسەی گۆڕین یاخود پۆلگۆڕین لایەنێکی "نەرێنی" بەسەر زمان جێبهێڵێت لە هەمان کاتیشدا دەشێ لایەنی "ئەرێنی" هەبێت بۆ زمان. ئەمە سروشتی زمانە، یان دەکرێ بڵێین سروشتی کاریگەرییەکانی گۆڕینە بە شێوەیەکی گشتی.

### ١-٣-١ ئاستەنگی فێربوون

بە شێوەیەکی گشتی ئەو فۆڕمە زمانییانەی، کە زیاتر لە واتایەکیان هەیە، دەبنە بارگرانی و قورسی بۆ فێربوونی زمان. لەبەرئەوەی ئەو

کەرەستانەی، کە دەکەونە چوارچێوەی پۆلگۆڕینەوە فۆڕمەکانیان هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نایەت، بۆیە کاتێک ئاخێوەری زمانێک فێریان دەبێت بە یەک واتا و لە یەک پۆلدا لە نێو مێشکیدا هەڵیاندەگرێت، کاتێک هەمان فۆڕم دەبێتە هەڵگری واتایەکی تر لە پۆلێکی تر، ئەوا دەبێتە ئاستەنگ لە بەردەم فێربوونی زماندا.

کاتێک بێگانەیەک دەیەوێت فێری زمانی کوردی "ناوەڕاست" ببێت ئەو وشانەی، کە پۆلگۆڕن لە پۆلێکەوە دەتوانن خۆیان بگۆڕن بۆ پۆلێکی تر، ئەوا ئاستەنگی فێربوون لەبەردەم ئەو بێگانەیە دروستدەکەن. بۆ نموونە کاتێک بێگانەکە فێری وشەی {تاڵ} دەکرێت وەکو ئاوەڵناو، کە لە بەرانبەر وشەی {شیرین} بەکاریبهێنێت وەکو دژەکەی، لە مێشکی بێگانەکەدا وشەی {تاڵ} تەنها خاوەنی ئەو تاکە واتایەیە، بەڵام کاتێک گوێی لە ڕستەی "یەک تاڵ لە پرچت بە هەموو دونیا ناگۆڕمەوە." ئەوا بێگانەکە، هەر یەک واتای {تاڵ} دەزانێت و ئاشنای ئەوە نییە، کە ئەم وشەیە پۆلگۆڕە و دەتوانێت لە بەشەئاخاوتنی ناویش بەکاربێت. (بێخاڵ عبدالله: ٥٨: ١٩٨٩)

کەوایە دەکرێت بڵێین گۆڕین، یاخود پۆلگۆڕین لە نێوان وشەکاندا بۆ کەسی بێگانە، ئەگەر بیەوێت فێری زمانی کوردی بێت، ئەوا ئاستەنگی لەبەردەم فێربوونی زمانی کوردی بۆ دروستدەبێت، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە، دەشێ فەرهەنگێکی زمانی کوردی دروستبکرێت، لە بەرانبەر هەموو ئەو وشانەی، کە پۆلگۆڕن ئاماژەیان پێبکرێت. بۆ نموونە: لە بەرانبەر وشەی{سی}، کە ژمارەیە ئاماژە بەوە بدرێت، کە ناوی ئەندامێکی جەستەی مرۆڤیشە.

## ٤-١ ڕۆڵی دەوروبەر لە پرۆسەی گۆڕیندا

کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستە بە جۆرێک لە جۆرەکان بەستراونەتەوە بەو دەوروبەرە واتاییەی کە تیایدا دەردەکەون، گرفتی لێڵیی وشە فەرهەنگییەکان لە بەکارهێنانی دەوروبەری واتایی ڕووندەکرێنەوە، دەشێ دەست بەسەر واتاکانیاندا بگیرێت، هەر لە ڕێگەی دەوروبەرەوە وشە واتای نوێ وەردەگرێت، کەوایە ئەم تێڕوانینە بۆ ئەو بۆ چوونە دەگەڕێتەوە، کە دەڵێ: (وشە لە دەرەوەی دەوروبەردا واتای نییە). (سازان رضا معین: ١٠: ٢٠٠٥) بۆ زیاتر وردبوونەوە لە واتای وشە لە دەوروبەری جیاجیادا ئاماژە بە چەند نموونەیەک دەکەین:

١-کراسەکەی پیسە.

٢-چاوی پیسە.

٣-دڵی پیسە.

بەکارهێنانی وشەی {پیس} لەم سێ ڕستەیەدا واتاکەی پەیوەستە بەو دەوروبەرەی کە تیایدا بەکارهاتووە. لە ڕستەی(١) پیس بە واتای ئەوە دێت، کە کراسەکە خاوێن نییە، بەڵام لە ڕستەی (٢) وشەی {پیس} بە واتای ئەوە دێت، کە چاوی بە شتی خەڵکی هەڵنایەت، هەروەها {پیس} لە ڕستەی (٣) بە واتای ئەوە دێت، کە گومانی خراپی بەرانبەر بە ژن و خوشکی هەیە. لە تێڕوانین و شیکردنەوەی ئەم نموونانە تێدەگەین، کە دەوروبەر ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە گۆڕینی واتای وشە.

کاتێک لێکۆڵینەوە لە بارەی تاکە وشەیەک دەکەین لە ڕووی واتاوە ئەوا هەندێ گرفت دروستدەبن لە لێکۆڵینەوەکەدا، چونکە گرفتەکان سەرچاوەیان بۆ واتای وشە دەگەڕێتەوە لە دەوروبەری جیاجیادا، بە

دەربڕینێکی تر هەر وشەیەک واتای جیاواز دەبەخشێ بە پێی دەوروبەری بەکارهێنانی بە نموونە:

•بیری مام خالید کۆنە.

ئەم ڕستەیە هەڵگری دوو واتایە، کاتێک لێڵی ئەم ڕستەیە نامێنێ، ئەگەر بیخەینە نێو چوارچێوەیەکی دەوروبەری، ئینجا دەتوانین واتای {بیر} بزانین. (هەمان سەرچاوە: ١٠-٣٥)، (دەوروبەر واتای وشە بە پێی واتای ئەو وشانە دەستنیشاندەکات، کە تێیدا دەردەکەون لەگەڵ ئەو پەیوەندییانەی، کە لە ڕۆنانێکدا بە یەکیان دەبەستێتەوە) (تالیب حوسێن: ٣٨: ٢٠١٤)، ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە دەوروبەر واتای هەموو کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستە بەیەکەوە دەبەستێتەوە لە یەک دەربڕیندا کۆیاندەکاتەوە بۆ مەبەستێکی ڕوون.

دەوروبەر، یان سیاق ڕۆڵی کاریگەری لەسەر دیاریکردنی واتای وشە هەیە، بە تایبەت ئەو وشانەی، کە پۆلگۆڕن دەوروبەر دەتوانێت واتای وشەکانمان پێ بڵێت و پۆلی وشەکان دیاریبکات. بە واتایەکی تر، بەهۆی دەوروبەرەوە دەزانین کرداری {ڕووچوو} دەتوانێت پۆلگۆڕبێت بۆ ئاوەڵناو، یان ئاوەڵناوی {هێمن} دەتوانێت پۆلگۆڕبێت بۆ ناو، یان کرداری {هەڵبەست} دەتوانێت پۆلگۆڕبێت بۆ ناو، دەشێ لە فەرهەنگی زماندا لە بەرانبەر هەر یەک لەم وشانە ئاماژە بەوە بدرێت، کە پۆلگۆڕن و دەتوانن پۆلی خۆیان بۆ بەشەئاخاوتنی تر لە دەوروبەری جیاجیادا بگۆڕن، هەرچەندە ئەم کارە، ئەگەر قورسیش بێت، بەڵام ئەم جۆرە کارە لە فەرهەنگدا بە کارێکی گرنگ دادەنرێت، چونکە دەبێتە یارمەتیدەرێکی زۆر باش بۆ ئەو بێگانەیەی، کە خۆی فێری زمانی کوردی دەکات بۆ ئەوەی بە ئاسانیی وشە پۆلگۆڕەکان بناسێتەوە و بتوانێت لە دەوروبەری جیاجیادا بەکاریانبهێنێت.

## ٥-١ پێداچوونەوەی کارەکانی پێشتر لە هەمبەر پرۆسەی گۆڕین لە زمانی کوردیدا

گۆڕین کردارێکی وشەدروستکردنە بەبێ زیادکردنی هیچ پێشگرێک و پاشگرێک بۆ وشە، وەکو لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا نالێین کاری لەسەر نەکراوە، بەڵام ئەم بابەتە بە تەواوی مافی خۆی پێنەدراوە، لە هەمبەر ئەم بابەتە هەست بە کەلێنی زۆر کراوە. تا ئێستا کارێک نەکراوە، کە ژمارەی تەواوی ئەو گرووپانە دەستنیشانبکرێت، کە پۆلگۆڕن، هەر بۆیە ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیە پەیوەستکراوە بەم بابەتە، تاکو بتوانرێت مافی تەواو لە بواری لێکۆڵینەوەی زانستیدا بەم بابەتە بدرێت. لێرەدا ئاماژە بەو کارانە دەکەین لە هەمبەر بابەتەکەدا کراون، "کامەران ڕەحیمی" لە پەرتووکی "بنەماکانی وشەسازی" پرژاوەتە سەر بابەتی گۆڕین بە شێوەیەکی کورت لە بابەتەکە دواوە، کە بە داڕشتنی سفرِ ( zero derivation) ناوی بردووە، لە درێژەی بابەتەکە نموونەی لە سەر دوو وشە هێناوەتەوە {خواست، زانست}، کە خۆیان لە گرووپی کردارن، بەڵام بە بێ هیچ زیادکردنێک پۆلی خۆیان لە ڕستەدا بۆ ناو گۆڕیوە، بۆ نموونە:

- کچێکی لە جیرانمان خواست.

کردار

- خواستەکەت بەدیدەهێنم.

ناو

وشەی {زانست} خۆی ناوە نەوەک کردار، نووسەر پێی وایە لە {زانستن} هاتووە، بەڵام ئەوەی هەیە لە فەرهەنگی وشەی کوردیدا شتێک نییە بەو ناوە وەکو کردار (ڕەحیمی: ١٣٨٨: ٣٢-٣٣)، یەکێکی تر لە زمانەوانەکان، کە باسی ئەم دیاردەیەی کردووە، "محەمەدی مەحوی" لە

پەرتووکی "مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان" بە وەرچەرخان ناوی بردووە. لە باسکردنی بابەتەکەدا هەست بەوە کراوە بە تەواوی حەقی بابەتەکە نەداوە، چونکە نەیتوانیوە نموونەی کوردیی ڕاست و دروست و قەناعەتپێکەر بهێنێتەوە، کە بە تەواوی بابەتەکە بپێکێت زیاتر نموونەی ئینگلیزی هێناوەتەوە. (محەمەدی مەحوی: ٢٠١٠ : ١٦٨-١٦٩)

" ئەورەحمانی حاجی مارف" لە پەرتووکی "وشەسازی/ ئاوەڵناو"دا پێیوایە وشە توانای گوێزانەوەی هەیە لە بەشەئاخاوتنێکەوە بۆ بەشەئاخاوتنێکی تر، ئەمەش لە ئەنجامی پێشکەوتن و گەشەی زمان دێتە ئاراوە کاتێکیش وشە ئەو گوێزانەوەیەی بەسەردا بێت ئەوا وشە خاسیەتی پێشووتری لەدەستدەدات و شێوەیەکی نوێ وەردەگرێت، هەر لەگەڵ ئەمەشدا ئەرکی ڕستەسازی دەگۆڕێت بۆ نموونە:

١-نەسرین کچێکی جوانە.

ئاوەڵناو

٢-جوان زۆر زیرەکە.

ناو

لەم دوو ڕستەیەدا {جوان} لە ڕستەی یەکەم ئاوەڵناوە، بەڵام لە ڕستەی دووەم ناوە، کەوایە دوو بەشە ئاخاوتنی جیاوازن، هەروەها وشەی {هێمن} لە ڕستەی "کوڕێکی هێمنە" ئاوەڵناوە، چونکە وەسفی ناو دەکات ئەرکی ڕستەسازی دیارخەرە، بەڵام {هێمن} لە ڕستەی "هێمن کوڕی باشە" ناوە، ئەرکی ڕستەسازی نیهادە، هەروەها لە ڕستەی "پیاوەکە هێمن ڕۆیشت" ئاوەڵکردارە، چونکە وەسفی کرداری "ڕۆیشت" دەکات، بەم شێوەیە لە هەر سێ ڕستەدا وشەی {هێمن} جیاواز دەرکەوتووە. لە هەر سێ ڕستەدا بەشەکانی ئاخاوتنی جیاوازە. لە

درێژەی بابەتەکەدا نووسەر ڕای وایە دیاردەی گوێزانەوە یان گۆڕانی وشە لە بەشە ئاخاوتنێکەوە بۆ بەشە ئاخاوتنێکی تر دیاردەیەکی هەمیشەییە، چونکە دیاریکردنی وشە بەسەر بەشەکانی ئاخاوتندا کارێکی ئاساییە. (ئەوەڕەحمانی حاجی مارف: ٦٨: ٢٠١٤-٦٩)

"عبدالواحد موشیر دزەیی" لە پەرتووکی "ڕێزمانی کوردی" پێیوایە بەکارهێنان و ناونان هۆکارێکە بۆ پۆلگۆڕین، هەر لە درێژەی بابەتەکەدا چەندین نموونەی هێناوەتەوە وەکو:

أ- جوان قوتابییەکی زیرەکە.

ناو

ب- شیلان وانەکانی جوان ئامادەدەکات.

ئاوەڵناو

وشەی {جوان} لە بنەڕەتدا لە بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناوە، بەڵام لە ڕستەی "أ" بەبێ هیچ زیادکردنێک پۆلی خۆی گۆڕیوە بۆ ناو، لە ڕستەی "ب" پۆلی خۆی گۆڕیوە بۆ ئاوەڵکردار. (عەبدولواحید دزەیی: ١١٠: ٢٠١٤)، نووسەر، کە باسی پۆلگۆڕینی کردووە وەکو دیاردەیەکی وشەڕۆنان باسی نەکردووە، تەنانەت زاراروەی گۆڕینیشی بەکارنەهێناوە، دەشێت نووسەر تەنها لە چوارچێوەی بەکارهێنانی سینتاکسی ئەم بابەتەی باسکردبێت.

"شنۆ عەولا" لە ماستەرنامەکەیدا بە ناوی "فرەئەرکی لە زمانی کوردیدا" لە بابەتی فرەئەرکیی بەشەئاخاوتنەکان لە بەکارهێناندا باسی بەشەکانی ئاخاوتن دەکات لە ئەرک بینینی بەشەکانی تری ئاخاوتندا، هەرچەندە توێژەر باسی دیاردەی گۆڕین ناکات، بەڵام نموونەکانی لە

هەندێک بەشەئاخاوتن لە ئەرک بینینی بەشەئاخاوتنی تر هاوشێوەی گۆڕینە، بۆ نموونە: ئاوەڵناو لە ئەرکی ناودا سەرکەوتووانە باسی ئەم گرووپە دەکات، جگە لەمەش باس لە گرووپی ناو بۆ کردار دەکات لێرەدا دەبوایە توێژەر ناوی گرووپەکەی کردبایە کردار بۆ ناو، چونکە {سەرکەوت} لە سەرکەوتن هاتووە، کە چاوگە، چاوگیش سەرچاوەی دارِشتنی کردارە توێژەر تەنها یەک نموونەی هێناوەتەوە، کەچی نموونەی زیاتر هەن بۆ ئەم گرووپە، لە گرووپی ناو بۆ ئاوەڵکردار توێژەر بە هەڵەداچووە، چونکە ئەو نموونانەی، کە باس کردوون ناچێتە ناو دیاردەی پۆلگۆڕین، پۆلگۆڕین گۆڕینی وشەیە لە بەشە ئاخاوتنێک بۆ بەشە ئاخاوتنێکی تر، لە گرووپی ئاوەڵناو بۆ ناو سەرکەوتووانە باسی کردووە، بەڵام لە گرووپی ئاوەڵناو بۆ ئاوەڵکردار ڕوون کردنەوەی نەداوە لە سەر هەر دوو وشەی {بە جوانی، بە دڵسۆزی} دەڵێ: ئاوەڵناون بەشە ئاخاوتنیان گۆڕاوە بۆ ئاوەڵکردار، ئەگەر وابێت ئەوا دیسان توێژەر بەهەڵەداچووە، چونکە هەر یەک لە {بە جوانی، بە دڵسۆزی} ئاوەڵکردارن، نەوەک ئاوەڵناو. (شنۆ عەولا: ٥٣: ٢٠١٤-٥٦)

"ئەردەوان تۆفیق" لە نامەی ماستەرەکەیدا لەژێر ناونیشانی "پۆلگۆڕینی وشە لە ڕستەسازیی زمانی کوردیدا" لە بابەتێکی تەرخانکراو لە لاپەڕە ٤٥ لە توێژینەوەکەدا بە ناوی "لایەنی ڕستەسازی بۆ پۆلگۆڕینی وشە" باس لە پۆلگۆڕین دەکات، وەکو بابەتێکی ڕستەسازی باسی لە پۆلگۆڕین کردووە، نەوەک وەکو پرۆسەیەکی وشەڕۆنان، دەکرێ توێژەر درکی بەوە نەکردبێت، کە گۆڕین پرۆسەیەکی وشەڕۆنانە بەبێ هیچ زیادکردنێک بۆ وشە، وشەی نوێ دروستدەکرێت، یان بەپێی سروشتی توێژینەوەکەی تەنها بۆ بابەتی پۆلگۆڕینی سینتاکسی تەرخانکرابێت، توێژەر ئاماژەی بە هەندێک پۆلگۆڕین کردووە نموونەشی بۆ هێناوەتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم توێژینەوەیەدا زیاتر کار لەسەر پۆلگۆڕین کراوە بەهۆی دارِشتنی وشە لە ڕێگەی گیرەکلکاندن، کەم و

کورتییەکی تری ئەم توێژینەوەیە نەگونجانی ناونیشانە لەگەڵ ناوەڕۆکی توێژینەوەکە بە جۆرێک توێژەر لە سنووری توێژینەوەکەدا تێکەڵبوونێکی کردووە لە نێوان دوو ئاستی زماندا. (ئەردەوان تۆفیق: ٤٤: ٢٠١٥)

"شیروان حوسێن" لە پەرتووکی "توانای مۆرفیمی بەند" باسی گۆڕین دەکات کە لە بەرانبەر conversionی ئینگلیزی. ئاماژە بەوە دەدات، کە وشە هیچ گۆڕانێکی بەسەر ڕوونادات تەنها پۆلی خۆی لەنێو ڕستەدا دەگۆڕێت. وشەی {خواست}ی بە نموونە هێناوەتەوە، کە خۆی لە پۆلی کردارە، بەڵام لە ڕستەدا پۆلی خۆی گۆڕیوە بۆ ناو.

أ–گوڵی لە من خواست.

کردار

ب–خواستی زۆری هەیە.

ناو

لە ڕستەی "أ" خواست لە پۆلی کردارە، بەڵام لە ڕستەی "ب" خواست لە پۆلی ناوە، ئەمەش دەبێتە دیاردەی گۆڕین. لە درێژەی بابەتەکەدا ئاماژە بە نموونەی زیاتر دەدات لە گۆڕینی پۆلدا وەک گۆڕینی، پۆلی ئاوەڵناو بۆ ئاوەڵکار گۆڕینی پۆلی ئاوەڵناو بۆ ناو. (شیروان حوسێن: ١٢٩: ٢٠١٦–١٣٠)

"سەعید کەرەمی" لە پەرتووکی "وشەناسیی" ئاماژە بە جۆرێک لە داڕشتنی وشە دەکات و بە ڕاگوێزان یان داڕشتنی سفڕ ناوی دەبات، پێیوایە جۆرێک لە کردار لە ناو و ئاوەڵناو دروست دەکرێت بەبێ هیچ زیادکردنێک بۆ وشەکە، بە واتایەکی تر هیچ گیرەکێک بۆ وشەکە

زیادناکرێت. لە درێژەی بابەتەکەدا ئاماژە بە چەند نموونەیەک دەکات وەک:

| <u>ناو/ئاوەڵناو</u> | <u>ڕاگوێزان</u> | <u>کردار</u> |
| --- | --- | --- |
| چەسپ | ← | دە چەسپ م |
| شەل | ← | دە شەل م |
| لەرز | ← | دە لەرز ێت |

تێبینی لەسەر ئەم جۆرە نموونانە هەیە لە هەمبەر ئەم بابەتەدا، چونکە لە باسی دیاردەی گۆڕیندا نابێت هیچ گیرەکێک بە وشەکەوە بلکێت، ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم نموونانەدا بەهۆی گیرەکی ڕێزمانیەوە کرداریان لێدروستکراوە، پڕۆسەی گۆڕین بەبێ زیادکردنە، هەر بۆیە ئەم کارەی "سەعید کەرەمی" بە تەواوای ناچێتە ناو پڕۆسەی گۆڕین. (سەعید کەرەمی: ٤١: ١٣٩٦)

"حاتم ولیا" لە پەرتووکی "مۆرفۆلۆجیی" دا لە باسێک لە ژێر ناونیشانی گۆڕین "وەرچەرخان" ڕای وایە جۆرێک لە وشە دروستکردن هەیە بەبێ هیچ زیادکردنێک، تەنها لە ڕێگەی گۆڕین یان وەرچەرخان ئەو کاتیگۆرییە یان ئەو بەشە ئاخاوتنەی، کە هەیە لێکسیمی نوێ دروستدەبێت لە تێڕوانینی بۆ دیاردەی گۆڕین هیچ کەموکورتییەک لە ناسندنەکەی بەدیناکرێت، بەڵام لە نموونەیەکدا، کە بۆ دیاردەی گۆڕینی هێناوەتەوە تووشی هەڵە بووە نموونەکەی بەم شێوەیەیە:

أ-<u>نووستن</u> خۆشە.

ناو

وەکو ناو بەکارهاتووە

ب-ئەوان نووستن.

کردار
وەکو کردار بەکارهاتووە

لە زمانی کوردیدا چاوگ تایبەتمەندیی ناوی هەیە خۆی ناوی کردارییە، بەڵام نابێت هیچی لێ کەم بکرێتەوە، کاتێک وەکو ناو بەکاردێت، ئێمە دەتوانین هەر هەموو چاوگێک بەم شێوەیە لە ڕستەدا بەکاربهێنین وەک: {یەکگرتن، خوێندن، یامەتی دان...} بۆ ئەوەی بسەلمێنین، کە ئایا نموونەیەک لەم چاوگانە هاوشێوەی نموونەکەی "دکتۆر حاتم ولیا" بەکاردێنین:

أ-یەکگرتن سەرکەوتنە بۆ کورد.

ناو
ناوی کردارییە

ب-*ئەوان یەکگرتن.

ڕستەی "ب" ناوێزەیی لە ڕێککەوتنی ڕاناوی لکاو لەگەڵ جێناوی سەربەخۆدا هەیە، کەواتە لە ڕستەکانی "أ" فۆنیمی [ن] بەشێکە لە وشەکە بە نوونی چاوگ ناو دەبرێت، بەڵام لە ڕستەکانی "ب" فۆنیمی [ن] بریتی نییە لە نوونی چاوگ، بەڵکو ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتنە ناکرێت بڵێین لە ڕستەی "أ و ب" وشەکان هەمان وشەن و سەربە یەک بەشەئاخاوتنن. لە درێژەی بابەتەکەدا نموونەیەکی سەرکەوتووی لە سەر وشەی {جوان} هێناوەتەوە، وەکو پۆلگۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ئاوەڵکردار. (حاتم ولیا: ١٣٥: ٢٠١٩)

دەکرێ بڵێین لە کۆی ئەو زمانەوان و توێژەرانەی، کە باسیان لە گۆڕین وەکو دیاردەی مۆرفۆلۆژی و پۆلگۆڕین کردووە، هەندێک لە کارەکان پڕ بایەخن، دەکرێت وەک ڕێچکەیەکی گرنگ کەڵکیان لێ

وەربگیرێت بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر ئەم دیاردەیە، وێرای ئەوەی هەندێک لە کارەکان کەموکورتییان تێدا بەدیدەکرێت، چونکە نەیان توانیوە تەواو ڕۆڵی پڕۆسەی گۆڕین پیشانبدەن لە سازکردنی وشەدا.

**٢-بەشی دووەم**

**١-٢ پەیوەندی گۆڕین و دیاردە مۆرفۆلۆژییەکان**

لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە توێژینەوە لە بواری گۆڕین، دەشێت ڕوانگە و ڕەهەندی جیاوازی هەبێت. دۆزینەوەی میکانزمی گۆڕین وەکو جۆرێک لە وشەدروستکردن پەیوەندییەکی بەهێزی بە دیاردە مۆرفۆلۆژییەکانەوە هەیە. لە بنچینەدا جەوهەری پڕۆسەی گۆڕین دەرهاوێشتەیەکی نوێیە، یان بناغەی وشەیەک هەمیشە بۆ تێگەیشتن لە دیاردەیەکی وشەسازی، پێویستە تێبینی ئەوە بکەین، کە چۆن پەیوەندی لە نێوان دیاردە مۆرفۆلۆژییەکاندا هەیە، بێگومان وشەسازی گرنگی بە تێکچڕژانی یەکە مۆرفۆلۆژییەکان دەدات و ڕوونیاندەکاتەوە، هەربۆیە ئەوەی گرنگە لێرەدا خستنەڕووی گەیشتنە بە جەوهەری پەیوەندیی گۆڕین و دیاردە مۆرفۆلۆژییەکان.

**٢-١-١ گۆڕین و داڕشتنی سفر**

داڕشتنی سفر وەکو بنەمایەک بۆ گۆڕینی پۆلی وشە باسدەکرێت، نەوەک زیادکردنی ئافیکسێکی سفر بۆ بنچینەی وشە، بە واتایەکی تر مەبەست لە داڕشتنی سفر گۆڕینی پۆلی وشەیە، بەڵام بەبێ هیچ زیادکردنێک بۆ وشەکە. ( Sandor Martsa: 2013: 11)، داڕشتنی سفر (Zero derivation) وەکو پڕۆسەیەک لە پڕۆسەکانی وشەدروستکردن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، چونکە هاوشێوەی پڕۆسەکانی تری وشەدروستکردن دەرکردەی وشەی

نوێی هەیە، ئەمەش کارێکی یاساییە، کە جیاوازی لە نێوان پرۆسەکانی وشەدروستکردن هەبێت. رۆڵی ڕێزمانیی وشە لە گۆڕیندا دەگۆڕێت بەبێ گۆڕانی فۆرمی وشە، یان هەر کاتێک وشەیەک بە شێوەیەکی جیاواز لە پۆلە ڕێزمانییەکی پێشووتری بەکارهات، ئەوا پرۆسەی گۆڕین ڕوویداوە، کە بێگومان هیچ مۆرفیمێک بۆ وشەکە زیادناکرێت. (شیروان حوسێن: ١٣٠: ٢٠١٦)

گۆڕانی پۆلی ڕێزمانیی وشە، بەبێ هیچ جۆرە زیادکردنێکی پێشگر، یان پاشگر بۆ وشە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە دیاردەی گۆڕین ڕوویداوە. ئەگەر سەیری وشەکان بکەین لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیە تێبینی ئەوە دەکرێت فۆرمی وشە گۆڕانی بەسەردا نایەت و هیچ نیشانەیەک نابینرێت لەسەر فۆرمی وشەکە. (ویدا شقاقی: ١٠٣: ١٣٨٦)، تێبینی ئەم نموونانەی خوارەوە دەکەین بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە:

{هەڵبەست} کردارە وەک: بوختانی بۆ تۆ هەڵبەست.

{هەڵبەست} ناوە وەک: هەڵبەست گەنجێکی بەتوانایە.

بێگومان گۆڕینی پۆلی کردارە بۆ ناو کاتێک {هەڵبەست} وەکو ناو بەکارهاتووە، هیچ گۆڕانێک لە فۆرمی وشەکە نابینرێت، هەر بۆیە بەشێک لە زمانەوانان بە دارشتنی سفر ناوی دەبەن، کەواتە لای بەشێکی زۆری زمانەوانان، هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان ئەم دوو پرۆسەیەدا، واتە دارشتنی سفر و گۆڕین وەک یەک پرۆسە سەیر دەکرێت بەوەی، کە لە هەردووکیاندا، هیچ زیادەیەک بۆ بنکە زیاد نابێت، بەڵام پۆلی وشەکە دەگۆڕێت.

هەندێ لە زمانەوانان ئەم دوو دیاردەیە بە جیاواز سەیردەکەن، بە جۆرێک، کە گۆڕین پرۆسەیەکی وشەڕۆنانییە و گۆڕانی پۆلی وشەکە

دەبێتە چەق، بەڵام لە داڕشتنی سفرِدا مۆڕفیمی سفرِ دەکرێتە چەق، کە لە بواری مۆڕفیمی ڕێزمانی زۆر باسکراوە، بەڵام لە بواری مۆڕفیمی وشەدارێژیشدا، دەشێت سفرِ بێت.

## ٢-١-٢ گۆڕین و فرەئەرکی Conversion and Multi-Function

لە زمانی ئینگلیزیدا "Multi" بە واتای زۆر یان فرە دێت، کە لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە لە "Multus" سەرچاوەی گرتووە، هەرچی دەربارەی وشەی "Function" بە واتای ئەرک دێت، چەمکی فرەئەرکی بەکاردێت بۆ ئەو وشانەی، کە توانای بینینی زیاتر لە یەک ئەرکیان هەیە. لەم چوارچێوەیەدا بەشەکانی ئاخاوتن لە زمانی کوردیدا زۆربەیان فرەئەرکن، چونکە دەتوانن جگە لە ئەرکی وەزیفیی خۆیان پەلبهاوێن بۆ ئەرکی جیاوازتر. (شنۆ عەوڵا: ١: ٢٠١٤)، لە ئاستی مۆڕفۆلۆژیدا مۆڕفیمی سەربەخۆ و مۆڕفیمی بەند بەشدارن لە پێکهێنانی ڕستە، ڕستە پێکهاتەیەکی سینتاکسییە ئەرکی وشەکان لە پێکهاتەی ڕستەدا بەدیاردەکەوێت بۆ نموونە کاتێک ناوێک بە هۆی پرۆسەی گۆڕین بەشەئاخاوتنی دەگۆڕێت بۆ ئاوەڵناو، ئەوا پۆلی خۆی، کە ناوە دەگۆڕێت بۆ ئەرک بینینی ئاوەڵناو ئینجا بە پێی بەکارهێنانە ئاخۆ دەبێتە دیارخەر یان گوزارە.

پرۆسەی گۆڕین پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ فرەئەرکی هەیە، چونکە هەر بەشەئاخاوتنێک لە کاتی پۆلگۆڕیندا ئەوا ئەرکیشی دەگۆڕێت ئاوەڵناو لە ڕستەدا ئەرکی دیارخەری ناو و جێناو دەبینێت، جگە لەمەش دەتوانێت ببێتە تەواوکەری گوزارە بۆ نموونە:

- ئازاری مرۆڤی <u>هێمن</u> مەدە.

ئاوەڵناو دیارخەری ناو

•ئێوەی تێکۆشەر هەمیشە سەرکەوتوون.

ئاوەڵناو دیارخەری جێناو

•نرخی ئەم خانووە بەرزە. (نەریمان خۆشناو: ٦١: ٢٠١٤)

ئاوەڵناو تەواوکەری گوزارە

کاتێک ئاوەڵناو بەهۆی پرۆسەی گۆڕین بەشەئاخاوتنی دەگۆڕێت بۆ ناو ئەوا ئاوەڵناو ئەرکەکانی ناو دەبینێت وەک: بکەر، بەرکار، نیهاد... هتد بۆ نموونە:

أ-هێمن کارەکانی بە جوانی ئەنجامدا.

ناو، بکەر

ب-تێکۆشەرەکان سەربەرزن.

ناو، نیهاد

ج-تێکۆشەریان خەڵاتکرد.

ناو، بەرکار

لە ڕستەی "أ"دا {هێمن} ناوە ئەرکی بکەری بینیوە، لە بنەڕەتدا وشەی {هێمن} ئاوەڵناوە، بەڵام بەهۆی پۆلگۆڕین بۆ بەشەئاخاوتنی ناو ئەرکی وەزیفیی خۆی، کە وەسفکردنی ناوێک یان جێناوێکە گۆڕاوە بۆ بکەر، لە ڕستەی "ب" دا وشەی {تێکۆشەر} دیسان بە هۆی پۆلگۆڕین لە ئاوەڵناو بۆ ناو ئەرکی گۆڕاوە یەکێک لە ئەرکەکانی ناوی بینیوە و بووەتە نیهاد. لە ڕستەی "ج" دا وشەی {تێکۆشەر} ئەرکی بەرکاری بینیوە، کەواتە هەر

کاتێک پۆلگۆڕین لە نێو بەشەکانی ئاخاوتندا ڕوودەدات، بێگومان ئەرک گۆڕینیش ڕوودەدات، هەرکاتێک ئاوەڵناو پۆلی بگۆڕێت بۆ ئاوەڵکردار ئەوا لە ڕستەدا ئەرکەکانی ئاوەڵکردار جێبەجێدەکات، یان بە پێچەوانەوە.

کەواتە، دەکرێ بڵێین گۆڕین، گەیاندنی واتا و چەمکی جیاوازە بە یەک فۆڕمی جێگیر و نەگۆڕی زمانی، بەڵام هەرچی فرەئەرکییە کەرەستەیەکی زمانی بتوانێت زیاتر لە ئەرکێک بەجێبهێنێت و زیاتر لە بەکارهێنانێکی هەبێت، بۆیە دەشێ لێرەدا پەیوەندی و هاوشێوەییەک لە نێوان ئەم دوو دیاردەیە بدۆزینەوە، کە هەردووکیان بە یەک فۆڕم زیاتر لە چەمک و ئەرکێک هەڵدەگرن.

## ٢-١-٣ وشەداهێنان و گۆڕین Conversion and Word of Invention

داهێنانەکانی مرۆڤ لە هەر بوارێکدا بۆ ویست و ئارەزووی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، چونکە بەردەوام مرۆڤ حەزی بەخۆدەرخستنە و داهێنانی شتی نوێ دەکات (عبدولسەلام نەجمەدین: ٤٣: ٢٠٠٧)، بەبەرهەمی وەکو زاراوەیەک بەکاردەهێنرێت. لە بەرانبەر داهێناندا، مرۆڤ توانایەکی لە ڕادەبەدەری هەیە لە داهێنان و دروستکردنی چەندەها وشە و دەربڕینی نوێ، بە گشتی لە لێکۆڵینەوەکاندا وەکو ئەدگارێکی مۆرفۆلۆژییانە دانراوە، بەڵام لە هەندێک لێکۆڵینەوەدا ئاماژەیە بۆ ئاستی سینتاکس و ئاستی سیمانتیک و ئاستی دەنگسازی. (نەرمین عومەر: ١٠: ٢٠١٠)، کەوایە داهێنان لە هەر گۆڕەپانێکدا بۆ ویست و ئارەزووی مرۆڤ دەگەڕێتەوە دەشێ بگوترێت داهێنان لە بواری زماندا، بریتییە لە بەرهەمهێنانی ئەو کەرەستانە، کە ویستی ئاخێوەر بۆ ئاخاوتن پڕدەکەنەوە، لەگەڵ داهێنانی هەر شتێک لە بەرانبەردا ناوێکی بۆ دادەهێنرێت، هەر لە کۆنەوە داهێنان هەبووە، بەردەوام مرۆڤ لە بوارە جیاجیاکاندا داهێنانی کردووە ئەو مرۆڤانەی خاوەنی داهێنانن ناویان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بە نەمری

تۆمارکراوە، تا ئێستاش مرۆڤایەتی سوود لە داهێنانەکانیان دەبینێ، فەیلەسووفەکانی یۆنان لە بواری فەلسەفە و تێڕوانینیان بۆ لایەنەکانی ژیان، تا ئێستاش بە بناغە دادەنرێن بۆ زۆربەی لێکۆڵینەوەکان.

لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە داهێنان بریتییە لە پرۆسەیەکی وشەڕۆنان، ئەم پرۆسەیە لە هەموو زمانەکاندا هەیە و کارایە، لەبەر ئەوەی زمان بەردەوام لە گەشە و پێشکەوتندایە، هەربۆیە داهێنانی وشەی نوێ لە نەبوونەوە کارێکی ئاساییە. (شیروان حوسێن: ١٣٢: ٢٠١٦) هەروەها داهێنان، تیشک خستنەسەرە بۆ ئەو کەرەستانەی، کە لە ئاستەکانی زماندا سوودبەخشن و کەڵکیان هەیە چ لە ئاستی بەکارهێنان و پڕکردنەوەی پێداویستیی ئاخاوتنی مرۆڤ، یان داهێنانی تیۆر و بنەما بۆ لێکۆڵینەوە لە زمان و کەرەستەکانی زمان. بۆ نموونە، زمانەوان "چۆمسکی" بە داهێنانی تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوە، کە جەختی لەسەر توانای ئاخێوەر دەکات، هەر لە ژێر ڕۆشنایی ئەم تیۆرە، کە پێیوایە مرۆڤ دەتوانێت ژمارەیەکی بێسنوور لە ڕستە بەرهەمبهێنێت و تێیان بگات، بەبێ ئەوەی پێشووتر گوێی لەم ڕستە و وشانە بووبێت، بە شێوەیەکی گشتی زمان خاوەنی تایبەتییتیی داهێنانە، بەکارهێنەرانی زمان بەردەوام گرنگی بە دەربڕین و دەستەواژەی نوێ دەدەن. داهێنان لە زماندا گشتگیرە بۆ هەموو ئاستەکانی زمان ئاخێوەر بەردەوام هەوڵدەدات بەهۆی لێکدانی فۆنیمەکان وشەی نوێ و داهێنراو دروستبکات و لە ڕستە و دەربڕینی جیاواز بیان درکێنێت. (هەمان سەرچاوە: ٦١: ٢٠١٤) ئاخێوەری زمان بە ڕێسا و یاساکانی وشەدروستکردن ئاشنایە توانای ناسینەوەی مۆرفیمەکانی هەیە، لەم ڕێگەیەوە وشە نوێیەکان بەرهەمدەهێنرێن دەرەنجامەکانیشی ئەرێنین، چونکە گەشەی زمان بە بەردەوامی ڕێگە بە وشەداهێنان دەدات پرۆسەکانی وشەدروستکردن ڕۆڵی بەرچاویان لە دروستکردن و داهێنانی وشەی نوێ هەیە، هەرچەندە وشەدروستکردن لەگەڵ وشەداهێنان جیاوازە، چونکە وشەدروستکردن بەستراوەتەوە بە

کۆمەڵێک ڕێسا و دەستوور، بەڵام وشەداهێنان پێشبینیکراو نییە. (محەمەدی مەحویی: ١٢٠: ٢٠١٠)

گۆڕین وەکو پرۆسەیەکی وشەدروستکردن تاڕادەیەک لە چوارچێوەی وشەداهێنان دەسووڕێتەوە، چونکە پۆلگۆڕین لە هەندێ وشەدا بە بەرداکردنی واتایەکی نوێیە بۆ وشەیەک، کە پێشتر ئەم وشەیە ئەم واتایەی بۆ بەکارنەهاتووە، ڕەنگە ئەم دەربڕینە بۆ هەموو پۆلەکان دروستنەبێت، بەڵام وشەیەکی وەکو {بیست} ئەگەر لە سەرەتادا وەکو کردار بەکارهاتبێت ئەوا لە ئەنجامی گەشەی زمان بووە بە وشەیەکی داهێنراو، چونکە هەمان وشە بووە بە بەشەئاخاوتنێکی تر بۆ ژمارە بەکارهاتووە بۆ وشەکانی {سی، تاڵ، بەر، سادە...} هەمان شیکردنەوە هەیە، وەک چۆن لە ڕێگەی لێکدان یان داڕشتن وشەی نوێ دروستدەکرێت، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەچێتە نێو داهێنانی وشە، بە هەمان شێوە پرۆسەی گۆڕینیش ئەو داهێنانەی تیادا بەدیدەکرێت، کەوایە دەکرێ بڵێین بە جۆرێک لە جۆرەکان پۆلگۆڕین لە ئەنجامی گەشە و پێشکەوتنی زمانە، داهێنانیش هەر پەیوەندی بەوەوە هەیە، هەربۆیە دەکرێ بڵێین هەندێک وشە کاتێک پۆلگۆڕن بۆ بەشەئاخاوتنی تر ئەوا لەم بارەدا دەبێتە داهێنانی وشەی نوێ.

## ٢-٢ گۆڕین و دیاردە واتاییەکان Conversion and The Phenomena of The Meaning

وشە بەپێی زۆربەی پۆلێنەکانی یەکە واتاییەکان بە چەق و یەکەی سەرەکیی ناو هەموو دانەکان هەژماردەکرێت، کەواتە واتاسازی ڕۆڵێکی گرنگ لە دەستنیشانکردنی یاسای ڕێکخەر بۆ واتای وشەکان لە نێو خۆیاندا هەیە. گۆڕین دیاردەیەکە، کەم تا زۆر پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ واتادا هەیە، چونکە کاتێک وشەکان پۆلی خۆیان دەگۆڕن، ئەوا واتاشیان

دەگۆڕێت، ئەمە لە هەندێک نموونەی وشەدا بەرجەستە دەبێت. (جێرمان، لۆبلان: ٩: ٢٠٠٦)

### ٢-٢-١ گۆڕین و فراوانبوونی واتایی Extension in the Meaning and Conversion

فراوانبوونی واتا دیاردەیەکی گۆڕانی واتایە، هەر بۆیە دەکرێ بڵێین (فراوانبوونی واتا دیاردەی گۆڕانە لە واتایەکی تایبەتەوە بۆ واتایەکی گشتی). (عەبدولواحید موشیر: ٢٠٣: ٢٠١٤) فراوانبوونی واتا، یان فراوانکردنی واتای وشەیەک لە زماندا بە گشتی دیاردەیەکی بەرهەمدارنییە و کەم ڕوودەدات. بە نموونە منداڵ کاتێک وشەی {دادە} بەکاردێنێت، هەم بۆ دایکی هەم بۆ کەسانی لێکچوو لەگەڵ دایکی بەکاریدەهێنێت، ئەمەش کاتێک، کە ڕوودەدات لای منداڵ جۆرێک لە پێکچواندن لە نێوان وێنەکان دروستدەکات و یەک فۆڕمی وشەی بۆ بەکاردێنێت بۆ {بابە، توتێ، بەعە، عەنێ...} هەمان فراوانبوونی واتایی لای منداڵ دروستدەبێت. (عەبدوڵلا عەزیز: ٨١: ١٩٩٠)

لەسەر پەیوەندیی نێوان گۆڕین و فراوانبوونی واتادا، هەست بە جۆرێک لە پەیوەندی دەکرێت لە نێوان ئەم دوو دیاردەیەدا، چونکە گۆڕین کار لەسەر گۆڕینی پۆلی وشەیەک دەکات بۆ پۆلێکی تر، بە دەربڕینێکی تر پۆلگۆڕین بازدانە لە پۆلێک بۆ پۆلێکی تر، بەڵام فراوانبوونی واتا وشەیەک بە تێپەڕبوونی کات واتاکەی فراوان دەبێت بۆ نموونە {گەڵا} پێشتر بۆ گەڵای دارودرەخت بەکاردەهێنرا، بەڵام لەگەڵ هاتنی ١٠٠ دۆلاریی ئەمریکی لە زاری سلێمانی وشەی {گەڵا} فراوانبوونی واتایی وەرگرت بە ١٠٠ دۆلاریی ئەمریکی دەوترێ گەڵا. (شێرکۆ حەمە ئەمین: ١٤: ٢٠٠٢)، ئەمە فراوانبوونی واتایە، بەڵام نابێتە هۆی دروستبوونی پۆلگۆڕین، چونکە وشەکە، هەر سەر بە بەشەئاخاوتنی ناوە، نەوەک

بەشەئاخاوتنێکی تر، بەڵام دەشێ لە ئەنجامی فراوانبوونی واتا پۆلەکەش بگۆڕێت.

زۆرجار لەگەڵ فراوانبوونی واتایی دیاردەی گۆڕین دروستدەبێت، چونکە لەوانەیە یەکێک لە واتاکان بچێتە پۆلێکی نوێوە، بە نموونە کاتێک وشەی {ئەگەر} وەردەگرین سەر بە پۆلی ئامرازە، بەڵام بەهۆی فراوانبوونی واتایی بەکارهێنانی وەکو زاراوەیەک لە بیرکاریدا دەبێت بە ناو، بۆیە ئەمەش پێی دەوترێت فراوانبوونی واتایی، لە هەمان کاتدا دەکەوێتە بەر گۆڕین، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین، کە هەموو فراوانبوونێکی واتایی نابێتە گۆڕین.

## ٢-٢-٢ گۆڕین و هاوبێژ Homophone and Conversion

هاوبێژی بریتییە لە: (دوو وشە کە هەمان ڕێنووس و خوێندنەوەیان هەیە، بەڵام واتای جیاوازیان هەیە ئەم دیاردەیە بە هاوبێژی ناو دەبرێ Homophone وەکو وشەی{bow } ی ئینگلیزی، کە چەند واتایەکی هەیە وەک : تیر، پێشەوەی بەلەم، خۆچەماندنەوە). ( Sebastian: 2013: 43)، یان دەکرێ بڵێین (هاوبێژی ئەو وشانە لەخۆدەگرێت، کە لە خوێندنەوە و نووسیندا وەکو یەکبن، بەڵام لە واتا جیاوازبن) (تاڵیب حوسێن: ٩٢: ٢٠١١)، ئەو زمانناسانەی، کە بایەخیان بەم دیاردە واتاییە داوە باوەڕیان وایە، کە دیاردەی هاودەنگ و هاونووس ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە شێوە و فۆڕمێکی یەکسان و واتایەکی جیاوازیان هەیە. (کوروش سەفەوی: ٥٣: ٢٠٠٦)، هاوبێژی لە زماندا بەسەر سێ جۆر وشە دابەشدەکرێت:

١-هاودەنگ: لەم جۆرەیاندا وشەکان لە گۆکردندا لە یەکتر دەچن، بەڵام جیاواز دەنووسرێن ئەم جۆرەیان لە زمانی کوردیدا نییە، بەڵام لە

زمانەکانی تر هەیە. بە نموونە لە زمانی ئینگلیزی {sea-see } بە واتای بینین و دەریا دێن. (محمد معروف: ١٧٤: ٢٠١١)

٢-هاوپیت: جۆرێکی تر لە هاوبێژی هاوپیتە وشەکان لە نووسیندا وەکو یەکن، بەڵام لە گۆکردندا جیاوازن جیاوازیی دروستبوونیان دەکەوێتە سەر هێز، کەوایە هێز ڕۆڵدەگێرێت لە گۆڕینی واتای وشەکان بۆ نموونە:

•نە'مام: بە واتای درەخت دێت هێز لەسەر بڕگەی یەکەمە.

•نەما'م: بە واتای نەمان دێت هێز لەسەر بڕگەی کۆتاییە. (تالیب حوسێن: ٩٣: ٢٠١١)

٣-هاوبێژی تەواو: ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە لە درکاندن و نووسیندا وەکو یەکن، بەڵام واتای جیاوازیان هەیە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی هاوبێژی تەواو. سەرنجدەدەینە ئەم نموونانەی خوارەوە بۆ ئەوەی باشتر ئەم دیاردە واتاییە شیبکەینەوە:

•تاڵ: بە واتای تامی تاڵ دێت. وەک: چایەکە تاڵە.

•تاڵ: بە واتای یەک دانە موو دێت. وەک: یەک تاڵ لە پرچت بە هەموو دونیا ناگۆڕمەوە. (بێخاڵ عبدالله: ٥٨: ١٩٨٩)

لەسەر ئەم دیاردە واتاییە و پەیوەندیی لەگەڵ گۆڕیندا لە دەرەنجامی هەندێ نموونەی بەرجەستە ئەو پەیوەندییە دروستبووە، دیاردەی گۆڕین کار لەسەر ئەو وشانە دەکات کە پۆلی خۆیان دەگۆڕن، بێگومان لە پۆلگۆڕین دیاردەی هاوبێژی لە هەندێ وشەدا دروست دەبێت، بە نموونە:

•سی: بە واتای ناو دێت سیی مرۆڤ و گیاندارانی تر.

•سی: بە واتای ژمارە سی دێت.

•بیست: بە واتای کرداری بیستن دێت گوێ لێبوون لە شتێک.

•بیست: بە واتای ژمارە بیست دێت.

•تاڵ: بە واتای تامی تاڵ دێت، کە ئاوەڵناوە.

•تاڵ: بە واتای ناو دێت وەک لە ڕستەی تاڵێک لە پرچت بە هەموو دونیا ناگۆڕمەوە.

لەم نموونانەدا دیاردەی پۆلگۆڕین هەیە لە هەمان کاتدا دیاردەی هاوبێژیش هەیە، بۆیە دەشێ بڵێین پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان هاوبێژی و پۆلگۆڕین، چونکە بەشێک لەو فۆڕمە هاوبەشانەی، کە واتای جیاواز دەگەیەنن، دەکرێت ئەو واتا جیاوازانە سەر بە پۆلی جیاوازبن. وەک لە نموونەکانی سەرەوە ئاماژەمان پێدا.

## ئەنجام

١- گۆڕین وەکو پرۆسەیەکی سازکردنی وشە لە وشەسازیدا ڕۆڵی هەیە، هەروەکو پرۆسەکانی تری وشەڕۆنان، یەکێک لە هۆکارەکانی گۆڕین ئابووریکردنە، چونکە ئابووریکردن خۆی جەخت لەسەر لایەنی کەمبەکارهێنانی وزە دەکاتەوە لە دەربڕیندا، هەر بۆیە گۆڕینیش یارمەتی ئابووریکردنی زمان دەدات، چونکە لە ناوێک بە هەمان فۆڕم بەبێ هیچ زیادەیەک ئاوەڵناوێک دروست دەکات. پێویستیی زمان هۆکارێکی تری گۆڕینە، ڕەنگە ئەمە پەیوەندی بە سروشتی زمانەکانەوە هەبێت، جگە لەمەش بەکارهێنانی وشەیەک بە هەمان فۆڕم، بەڵام واتای جیاوازبێت شاعیران بەکاریان هێناوە بۆ مەبەستی جوانکاری، کە یەکێکە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی، ئەویش پێیدەگوترێت ڕەگەزدۆزی.

٢- گۆڕین دەبێتە هۆی دروستبوونی ئاستەنگی فێربوون لە زماندا، بە نموونە ئەگەر کەسێک بیەوێت فێری زمانی کوردی بێت ئەوا ڕووبەڕووی ئاستەنگی فێربوون دەبێتەوە، چونکە فەرهەنگی زمانی کوردی پێی ناڵێت وشەی{هەڵبەست} لە دوو پۆلی جیاوازدا بەکاردێت. دەوروبەر ڕۆڵی کاریگەری لە بەکارهێناندا لەسەر وشە بەجێدەهێڵێت، چونکە وشە لە چوارچێوەی سیاقدا واتاکەی و پۆلەکەی ڕووندەبێتەوە.

٣-گۆڕین پەیوەندی بە فرەئەرکییەوە هەیە، چونکە هەر کاتێک وشەیەک لە پۆلی ئاوەڵناو بێت کاتێک پۆلی دەگۆڕێت بۆ ناو ئەوا ئەرکیشی دەگۆڕێت، کەواتە فرەئەرکی پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ پرۆسەی گۆڕین هەیە.

٤- داڕشتنی سفر و گۆڕین پەیوەندییەکی بەهێزیان پێکەوە هەیە، هەر بۆیەش لای هەندێ زمانەوان وەک یەک پرۆسەی مۆرفۆلۆژی

هەژمارکراون. لەگەڵ پرۆسەی داهێنانیشدا لە پەیوەندیدایە، چونکە هەندێ جار داهێنان تەنها لە گۆڕینی پۆلی وشەکەدا دەردەکەوێت.

٥- فراوانبوونی واتایی پەیوەندی بە گۆڕانی واتای وشەوە هەیە، ئەم دیاردە واتاییە پەیوەندی بە پرۆسەی گۆڕینەوە هەیە، چونکە هەر وشەیەک کاتێک واتاکەی فراروان دەبێت، ئەگەر پۆلیشی بگۆڕێت ئەوا دەبێتە هۆی ڕوودانی پرۆسەی گۆڕین، دیاردەی واتایی هاوبێژی پەیوەندی بە پرۆسەی گۆڕین هەیە، چونکە هەر کاتێک هاوبێژی تەواو دروستببێت لە وشەیەکدا، ئەوا پرۆسەی گۆڕین ڕوویداوە.

## پەراوێزەکان

١. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (شیروان حوسێن(٢٠١٦)، توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، لاپەڕە١٢٩.)، (محەمەدی مەحویی(٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، لاپەڕە١٦٨.)، (حاتم ولیا(٢٠١٩)، مۆرفۆلۆجی، لاپەڕە١٣٥.)، (سەعید کەرەمی(١٣٩٦)، وشە ناسیی زمانی کوردی، لاپەڕە٤١.).

[٢]. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( Kim, Ga hyun(2010), Synchrony and diachrony of conversion in English).

[٣]. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ارمان ذاکر(١٣٩٢)، فرایند تبدیل در زبان فارسی رویکری نقشی-متنی، لاپەڕە١٠)، (علاءالدین طباطبائی(١٣٩٢)، تغییر مقوله در زبان فارسی، لاپەڕە٣٥).

**سەرچاوە کوردییەکان**

– ئەورەحمانی حاجی مارف(٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی وشەسازی، بەرگی یەکەم، بەشی سێیەم ئاوەڵناو، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

– ئەردەوان تۆفیق فەتاح شێروانی(٢٠١٥)، پۆلگۆڕینی وشە لە ڕستەسازیی زمانی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.

– بێخاڵ عبدالله سعید(١٩٨٩)، واتاسازی وشە، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.

– تاڵیب حوسێن عەلی(٢٠١٤)، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

– تاڵیب حوسێن عەلی(٢٠١١)، واتاسازی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

– حاتم ولیا محمد(٢٠١٩)، مۆرفۆلۆجیی، چاپی یەکەم.

– دەروون عبدالرحمن ساڵح(٢٠١٢)، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

– سازان رضا معین(٢٠٠٥)، واتا و دەوروبەر، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین.

–سەعید کەرەمی(١٣٩٦)، وشەناسیی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، پەخشانگای زانستگای کوردستان.

–شێرکۆ حەمە ئەمین قادر(٢٠٠٢)، مۆرفیمە لێکسیکی و ڕێزمانییەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- شنۆ عەولا حەمەدئەمین(٢٠١٤)، فرەئەرکی لە زمانی کوردیدا، ماستەرنامە، زانکۆی کۆیە، کۆلێژی پەروەردە.

- شیروان حسێن خۆشناو (٢٠١٦)، توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسدا، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

-عەبدولواحید موشیر دزەیی(٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

- عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٤)، واتاسازی وشە و ڕستە، چاپی سێیەم، هەولێر.

-عەبدوڵڵا عەزیز محەمەد(١٩٩٠)، گۆرانی واتای وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.

-عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا(٢٠٠٧)، شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زمانەوانییەوە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

-عبدالله شاڵی، عزالدین مصطفی، امین علی، نوری علی امین، فریدون علی امین، علاءالدین سجادی(٢٠٢١)، زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی دوازدەهەمی ئامادەیی، چاپی چواردەهەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان.

- کامران ڕەحیمی(١٣٨٦)، بنەماکانی وشەسازی و وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، کتابخانە ملی ایران، سقز.

- کوروش سەفەوی(٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی واتاسازی، و: دلێر سادق کانەبی، چاپخانی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

- کلۆد جێرمان و ڕیمۆ لۆبلان(٢٠٠٦)، واتاسازی، و: یوسف شەریف سعید، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

- محمەد معروف فتاح(٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- محەمەدی مەحویی(٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکهەم، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، زانکۆی سلێمانیی.

-نەرمین عومەر ئەحمەد(٢٠١٠)، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سایمانی.

- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو(٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

**سەرچاوەی ئینگلیزی**

- Alessandra Vicentini(2003), The Economy Principle in Language, www.Lendonline.it/mpw/.

- Jan Don(2005), On Conversion, Relisting and zero derivation, www.skase.sk.com.

- Kim, Ga hyun(2010), Synchrony and Diachrony on Conversion in English, University of Edinburgh.

- Laurie Bauer, Salvador Valera(2005), Approaches to Conversion-Zero Derivtion, munster, Germany.

-Sandor Martsa(2013), Conversion in English A Cognitive Semantic Approach, Cambridge Scholars.

-Sebastian Lobner(2013), Understanding Semantics, by Roultedge.

**سەرچاوەی عەرەبی**

-أبوالقاسم محمود بن عمر بن أحمد(١٩٩٣)، المفصل في صيغة الاعراب، مكتبة الهلال، بيروت.

-علي بن مؤمن بن محمود الحضرمى الاشبيلي(١٩٩٦)، الممتع الكبير في التعريف، مكتبة لبنان.

**سەرچاوەی فارسی**

- ارمان ذاكر(١٣٩٢)، فرايند تبديل در زبان فارسی رويكردی نقشی-متنی، دانشگاه علامه طباطبائی، دانشكده ادبيات و زبان های خارجی.

- فائزه اركان، همينه حيدر پور بيدگلی(١٣٩٩)، صرف رويكرهای نظری و كاربرد انها در تحليل زبان فارسی، چاپ اول، سمت، تهران.

- ويداد شقاقی(١٣٨٦)، مبانی صرف، تهران.

**مخلص**

هذا البحث الموسوم (التغيير والظواهر الصرفية والدلالية في اللغة الكوردية) محاولة لتحليل العلاقة بين عملية "التغيير" مع كل من الظواهر الصرفية والظواهر الدلالية. اذ يحاول البحث التعريف بمصطلح "التغيير" ويسلط الضوء على أسباب التغيير. ويخمن البحث أن التغيير بوصفه عملية بناء الكلمات له علاقة بظواهر صرفية اخرى، وكذلک له علاقة بالظواهر الدلالية، فحللت تللک العلاقات و عرضت مستوياتها.



الكمات المفتاحية: عملية التغيير، الظواهر الصوفية، الظواهر الدلالية، أسباب التغيير

**Abstract**

This research study is entitled the "Conversion Kurdish Language: A Morphological Study", attempts to investingate and analyses the relation between conversion along with morphological and semantic phenomena. Also, it focuses on defining conversion as a concept and shed light on the reasons bhind applying conversion. This study hypothesizes that conversion, as a word-formation process, related to some other morphological phenomena. In addition that the conversion is related to other semantic phenomena. Therefore, the relationship is identified, and the level of these relations are well illustrated.

Keywords: Conversion process, Morphological phenomenon, Semantic phenomenon, Conversion Factors.